گـۆڤـاری زانـكـۆی راپـەریــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/jwgpex33
رێـكەوتـی وەرگـرتـن: 12/01/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 03/04/2024
ڕێـكەوتی بڵاو كردنەوە: 29/10/2025

# ڕۆڵی قوتابخانە ناحکومییەکان لەبەرهەمهێنانەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیدا توێژینەوەیەکی تیۆرییە لە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆوە

**هەڵمەت محمد عبداللە**[١] - **عالیە فەرەج**[٢]
alia.mustafa@univsul.edu.iq – halmatm688@gmail.com
[١+٢] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

## پوختەی توێژینەوە

لەگەڵ گەشەکردنی شارستانییەتەکان، پێشکەوتن و فراوانبونی کۆمەڵگاکان، هەنگاوە خێراکانی تەکنەلۆژیا، دەرکەوتەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە زۆربەی کۆمەڵگاکان و بەتایبەتکردنی کەرتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە ناویشیاندا کەرتی پەروەردە گۆڕانکارییەکی چەندێتی و چۆنێتی لە کۆمەڵگای کوردیدا هێناکایەوە، لەم ڕوانگەیەوە دیاردەیەکی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەریهەڵدا، ئەویش دەرکەوتنی شێوازێکیتری خوێندن بو، کە بریتییە لە خوێندنی تایبەت لە قوتابخانە ناحکومییەکان. ئەم دەرکەوتە نوێیەش کۆمەڵێک دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا، کە لەدیدی کۆمەڵناسییەوە جێی بایەخە. وەک هەوڵێکی زانستی و پیشەیی لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی قوتابخانە ناحکومییەکانە لە بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها زانینی ڕادەی کاریگەری قوتابخانە ناحکومییەکان بەسەر کۆمەڵگاوە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر توێژینەوەیەکی تیۆری لە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆوە ئەنجامدا، لەرێیەوە گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

قوتابخانە ناحکومییەکان ڕۆڵیان هەیە لە جیاکاری پلەبەندی کۆمەڵایەتیدا، چونکە دەرفەتی بەشداریکردنێکی یەکسان نییە بۆ خوێندکارانی چینە جیاوازەکان، ئەوانەی هەلی خوێندنی زیاتریان بۆ دەرەخسێت قوتابیانی چینە باڵاکانن نەوەکو چینە کەم دەرامەت، لە ئاستی کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە دو تێڕوانینی هەیە یەکێکیان بە ئەرێنی دەیبینێت، ئەویتریشیان بە دیاردەیەکی نەرێنی. قوتابخانە ناحکومییەکان ئاستی پەروەردە و فێرکردنیان بەرزە، چونکە ژینگەیەکی تەندروست فەراهەمکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندن لەم قوتابخانانە بە پارەیە. بۆیە ناچارن ژینگەیەکی تەندروست فەراهەمبکەن.

**کلیلە وشەکان:** قوتابخانە ناحکومییەکان، بەرهەمهێنانەوە، پلەبەندیی کۆمەڵایەتی.

# The Role of Private in Reproducing Social Hierarchical Segregation It Is a Theoretical Study from The Perspective of Pierre Bourdieu

**Halmat Mohammed Abdullah[1] - Alia Ferej[2]**

[1+2]Sociology Department, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

With the development of civilizations, progress and expansion of societies, rapid technological advances, sudden advances, the manifestations of the capitalist system in most societies and the privatization of various sectors of society, including education, brought about quantitative and qualitative changes It was the emergence of another mode of education, that of private education in non-governmental schools. This new phenomenon brought about a number of social phenomena, which are important from a sociological point of view. As a scientific and professional effort in this research, the researcher aims to show the role of non-governmental schools in the production of social hierarchy, as well as to know the extent of impact of non-governmental schools on society. Non-governmental schools play a role in social class discrimination because there are no equal opportunities for students from different classes. Those who have more educational opportunities are upper class students rather than low-income students Private schools have a high level of education because they provide a healthy environment, which is due to the fact that education in these schools is paid for. Therefore, they have to provide a healthy environment.

**Keywords**: Private Schools, Reproducing, Social Hierarchical Segregation.

## پێشەکی

هەمو کۆمەڵگاکان بە شـێوازی جۆراوجۆر شـێوازێك لە پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردنیان هەیە، کە تایبەتە بەو کلتور و دابونەریتەی کە هەیانە، لەپێناو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروسـت، تاکێکی وشـیار و بەرهەمدار، کەواتە فێربون بەرهەمی گواسـتنەوەی هەمو ئەو زانین و دەسـتکەوتانەیە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر گوسـتراوەتەوە هەروەها کایەی پەروەردە و فێرکردن وەک پرسێکی گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگە بەردەوام جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فەیلەسوف، بیرمەنـد و حەکیمەکـان بوە، هەمیشـە لە هەوڵی ڕاڤەکردن و بەدواداچونی قوڵ بون، تـاوەکو لەڕێیەوە کۆمەڵگە وشـیاربکەنەوە، بەرەو ئاقارێکی باشـتر و باشـتر، بەردەوام خەونیان بە ئاگاهێنانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بوە، هەوڵە فەلسـەفی و پرسیارە قوڵەکانی وەک سـوکرات و قوتابیەکەی ئەفلاتون، وانە پەروەردەیی و ئەخلاقییەکانی کۆنفۆشیۆس و کانت لە پەیوەندیدا بە پەروەردە و فێرکردن نمونەی ئەو گرنگی و بایەخەن کە پەروەردە و فێرکردن هەیەتی.

لەم چوارچێوەیەدا دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ناویاندا قوتابخانە لە ڕوانگە و دیدی کۆمەڵناسییەوە جێی بایەخ و گرنگی تایبەت بوە و یەکێکن لە دامەزراوە هەرە گرنگەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە، واتە بەشداری زانستی کۆمەڵناسی لە کایەی پەروەردەدا بەشداریەکی فراوان و کارایە، دەست بۆ هەمو ئەو بوارانە دەبات، کە لەناو ئەم سیستەمەدا کاردەکەن و لە گشت ئاستەکاندا ڕوبەرێکی فراوانی لە کارکردن گرتوە، لە تیۆرە کلاسیکەکانەوە بیگرە تاوەکو تیۆرە هاوچەرخەکان، هەوڵی زاناکانی ئەم بوارە بە ڕونی بەسەر ئەم پرۆسەیەوە دیارە، چونکە کارکردنی کۆمەڵناسی لەناو بونیادەکانی کۆمەڵگەدایە لێکۆڵینەوە دەکات لە ئاستی پەیوەندی نێوان تاکەکان بەیەکترەوە، تاکەکان بە دامەزراوە و سیستەمەکانی کۆمەڵگەوە بەپێی قۆناغە جیاوازەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی لەم ناوەندانەدا ڕودەدەن.

لەم ڕوانگەیەوە پرسی قوتابخانە ناحکومییەکان وەک دیاردەیەکی تازەی کۆمەڵگەی کوردی جێی هەڵوەستەو تێڕامانە، بۆیە توێژەر لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵی دەستخستنی وەڵامەکان، ڕاڤەکردنیان دەدات، لەم توێژینەوەیەدا کە هەوڵێکی زانستییە بەدوای ئەو پەیوەندییەوە دەبێت، کە لەنێوان قوتابخانە ناحکومییەکان و جیاکاری پلەبەندیی کۆمەڵایەتیدا هەیە، دەیەوێت بزانێت ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی ئەرێنییە یاخود نەرێنی، ئاخۆ قوتابخانە ناحکومییەکان هۆکارێکن بۆ جیاکاری پلەبەندیی کۆمەڵایەتی، یاخود نا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە دابەشی دو بەشی سەرەکی بوە بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان. ئەم بەشەش دابەشدەبێت بۆ دو تەوەر تەوەری یەکەم بریتییە لە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کێشە، گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە. تەوەری دوەمیش پێکهاتوە لە ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە. بەشی دوەم: پێکهاتوە لە تایبەتمەندییەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان و تیۆری بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری کۆمەڵایەتی.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و پێناسەکردنی چەمکەکان

## تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### ١- کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕوی ڕۆڵی قوتابخانە ناحکومییەکان لە بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیدا.

### ٢- گرنگی توێژینەوە:

١- یەکێک لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیە دەربارەی دیاردە و پرسێکی تازە و هەنوکەیی، کە بریتییە لەقوتابخانە ناحکومییەکان.

٢- گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەشداریکردنە لە کایەی کۆمەڵناسی پەروەردەدا، کە بوارێکی زۆر گرنگی بونیادی. کۆمەڵگەیە، بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سەقامگیرە.

### ٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١- خستنەڕوی ڕۆڵی قوتابخانە ناحکومییەکان لە بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری لە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆوە.

٢- تێگەیشتن لە پێکهاتە و کاریگەری قوتابخانە ناحکومییەکان لەسەر جیاکاری پلەبەندی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

## تەوەرەی دوهەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### ١- چەمکی ڕۆڵ:

ڕۆڵ ئەو پێگە یان پلەوپایەیە، کە تاک وەریدەگرێت و ئەرک و مافە کۆمەڵایەتییەکانی دیاریدەکات. تاک لە کۆمەڵگەدا و لە یەک کاتدا چەندین ڕۆڵی جیاواز دەگێڕێت (الحسن، ١٩٩٩: ٢٩٨).

بەبڕوای پارسـۆنز ڕۆڵ کردارەکانی تاکە لەکاتی پەیوەندی بەسـتن لەگەڵ ئەوانیتردا، یاخود بەریەککەوتنیەتی لەگەڵ کارەکتەرو گروپەکانیترلە چوارچێوەی سـیسـتەمی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها ڕۆڵ کۆمەڵێک ئەرک و مافی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، بەهەمو ئەو کردارو هەڵسـوکەوتانەی تاک لە کۆمەڵگەدا لە پەیوەندیدا بەوانیترەوە دەیکات دەڵێن ئەرک، وەهەرچی مافیشە لەپای ئەو ئەرک و چالاکییە چاوەڕوانکراوانەیە کە تاک پێیهەڵدەستێت(خضر،٢٠١٤: ٥).

### پێناسەی ڕێکاری چەمکی ڕۆڵ:

بە هەمو ئەو جوڵە و چالاکییانە، ئاخاوتن و هەڵوێسـتانەی، کە تاک وەک کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامیاندەدات دەڵێن ڕۆڵ. ئەم ڕۆڵانەش بەسـتراونەتەوە بەو پێگە و پلەوپایەی، کە تاکەکان هەیانە لە چوارچێوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەمانایەکیتر تاوەکو پلەوپایە یان پێگەی تاکەکان گرنگتر و بەهێزتربێت لە کۆمەڵگەدا چاوەڕوانیەکانیش گەورەتر و فراوانتردەبن. واتە ئەمە ئەوە دەگەێنێت، کە ڕۆڵەکان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەسـتراونەتەوە بە پێگەی کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە ڕۆڵ ئەرزشـێکی ئەوتۆی نییە تاوەکو کۆمەڵگە پێگە و مەکانەتێکی بۆ فەراهەم نەکات و تیایدا تاکەکان هەڵنەستن بە گێڕانی ئەو ڕۆڵانە.

### ٢- چەمکی قوتابخانەی ناحکومی:

قوتابخانەی ناحکومی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی ڕێگەپێدراوە مەنهەج و پرۆگرامێک پەیڕەودەکات، کە وەزارەتی تایبەتمەند دیاریکردوە و پابەندکراوە بە فەلسـەفەی پەروەردەیی دەوڵەت، هەروەها کاردەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و دونیابینییەکانیان، هەڵبەت لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی وەزارەتی پەروەردەدا، یاخود ئەو خوێندنگایانەن، کە خاوەنداریەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسـێک یان کۆمەڵێک هاووڵاتی، ئامانجیان باشـترکردنی پرۆسـەی خوێندن و گەیشتنە بە ئامانجە پەروەردەییەکان بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر و لەگەڵ ئەمەشدا مەبەستیان دەستکەوتنی قازانجی داراییە (السبعاوی، ٢٠١٨: ٢٣).

قوتابخانە ناحکومییەکان ناوەندێکن لەلایەن تاکێک، گروپێک، ناوەندێکی دیاریکراوەوە بەڕێوەدەبرێن، ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕن شانبەشانی قوتابخانە گشتییەکان و حکومییەکان(مالكي،٢٠١٦: ٥).

### پێناسەی ڕێکاری قوتابخانەی ناحکومی:

قوتابخانەی ناحکومی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی قازانج ویستی ناحکومییە، خاوەنداریەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تاکێک، چەند کەسـێک، گروپێک، یان دامەزراوەیەک، هەریەکێک لەمانە ئامانج و دیدگا و پەیامی دیاریکراوی خۆی هەیە، جا ئەو ئامانجانە ئابوری، سـیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی یاخود هەر ئامانجێکیتر بێت، هەروەها دەتوانین بڵێین قوتابخانە ناحکومییەکان دەزگایەکی پەروەردەیین شانبەشانی کەرتی حکومی خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەش دەکەن، ئامانج لە بونیان پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییەیە، کە کەرتی گشـتی بۆی دروسـتبوە، بەهۆکاری جۆراوجۆر وەکو کەمی بینا و پێداویسـتییەکان، زۆری ڕێژەی قوتابی و نەبونی کادیری پێویسـت و گونجاو، هەڵبەت ئەمەش بە ڕەزامەندی دامەزراوە تایبەتمەندەکانی حکومەتە، واتە لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانی دەوڵەتدا کارەکانیان ئەنجامدەدەن.

## ٣- چەمکی بەرهەمهێنانەوە:

بەرهەمهێنانەوە پرۆسـەیەکی بەردەوامی دەزگا باڵادەسـتەکانی ناو کۆمەڵگەیە، کە لەڕێگەی هەژمونی زاڵی چینە باڵاکانەوە بەردەوامی دەدەن بەو سیستەمەی، کەخزمەت بە مانەوە و بەرژەوەندییەکانیان دەکات (بوردیو و باسرون، ٢٠٠٧: ٣٨) لای پییەر بۆردیۆ بەرهەمهێنانەوە بریتییە لە کارکردنی چینە باڵاکان و دەسـترۆیشـتوەکانی کۆمەڵگە لەناو سـیسـتەمی پەروەردەدا، واتە بەرهەمهێنـانەوە لەڕێگەی قوتـابخـانەوە، چونکە قوتـابخـانە ڕەنگـدانەوەی کلتوری بـاڵادەســتی کۆمەڵگەیە، کە ڕەنگڕێژی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەکات (بوردیو، ٢٠٠٧: ٥٠).

### پێناسەی ڕێکاری چەمکی بەرهەمهێنانەوە:

ئەگەرچی چەمکی بەرهەمهێنانەوە زیاتر بەلای دامەزراوە ئابورییەکاندا دەشـکێتەوە وەک پرۆسـەی بەرهەمهێنان و چالاکییە بازرگانییەکان، لەهەمـانکاتـدا بەرهەمهێنـانەوە پرۆسـەیەکی کۆمەڵایەتی وردی نـاو دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیە، کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـت نین بە پرۆسـەی بەرهەمهێنانی ئابوری، بەڵکو لەڕێگەی کارکردنی بەردەوامی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکـانی وەکو دامەزراوەی پەروەردە، ڕاگەیـانـدن، ئـایینی...هتـد، بەرهەمهێنـانەوە لە ئـاسـتە جیـاوازەکـانـدا دەکەن، زۆربەی کـات ئەم بەرهەمهێنـانەوە درێژەدانە بە دۆخی بـاوی کۆمەڵگە، بەرهەمهێنـانەوەی کۆمەڵایەتی بەپێچەوانەی پرۆسە ئابورییەکان، مەیلی مانەوەی ئەو دۆخەدەکەن، کە لە واقیعدا هەیە.

## ٤- چەمکی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی:

لەفەرهەنگە کۆمەڵناسـییەکاندا ئاماژە بۆ چەندین پێناسـەی جۆراوجۆر کراوە، کە پێیانوایە پلەبەندیی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخسـتنە کۆمەڵایەتیەیە، کەوا دەبێتە هۆی بونی چینەکان و گروپەکان هەریەکێکیش لەمانە کۆمەڵێک تاک لەدەوری خۆیان کۆدەکەنەوە و هەستێکی هاوبەشیان بۆ دروستدەبێت، هەروەها پارسۆنزیش پلەبەندیی کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەکات، کە ڕێکخستنێکی جیاوازە بۆ ئەو تاکانەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوانیتر پێکدەهێنن (جددور، ٢٠٠٥: ٢٨).

اسماعیل باری پێیوایە ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ بونی نایەکسانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، لە دۆخی چینایەتیدا کاتێک سـەیر دەکەی دو چینی جیاواز دەبینی چینی باڵا و چینی خوارەوە، ڕەنگە هۆکارەکەشی خراپ دابەشـکردنی ماف و ئیمتیازاتەکان، ئەرک و بەرپرسـیاریەتییەکان، یاخود کاریگەری نۆرم و بەهاکان، دۆخی کۆمەڵایەتی باو، یان فشـار و کاریگەری هێزە باڵادەستەکانی کۆمەڵگە بێت (عبدالباریي، ١٩٨٠: ١٢٧).

### پێناسەی ڕێکاری چەمکی پلەبەندیی کۆمەڵایەتی:

پلەبەندیی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ جیاوازی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، جیاوازی لەسـەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕۆشـنبیری، پەروەردەیی، سـیاسی، ئابوری، مۆڵک، ماڵ و داهات...هتد. واتە بەشـێک لە تاکەکان دەسـتیانناگات بەو سـەرچاوانەی، کە ئەوانیتر هەیانە، کۆی ئەو سـەرچاوانە لەلایەن کەسـان و گروپیترەوە کۆنترۆڵ کراوە، هەروەها دەرفەتی یەکسان نییە بۆ دەستگەیشتن بەو سەرچاوانە، هەر بۆیە بەشداریدەکەن لە چوارچێوەی گروپێکی دیاریکراودا، کە لەڕوی پێگەوە ئاستیان لە گروپەکانیتر نزمترە، ئەمەش بەواتای جیاکاری پلەبەندیی کۆمەڵایەتی دێت.

## بەشی دوهەم

## تیۆری بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان.

### تەوەرەی یەکەم: تیۆری بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆوە

پییەر بۆردیۆ فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی گەورەی فەرەنسییە لە ساڵی ١٩٣٠ لە فەرەنسا لەدایکبوە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە بەشی فەلسەفە دەخوێنێت و پلەیەکی بەرز بەدەستدەهێنێت، لە ساڵی ١٩٦٤ تاکو ٢٠٠١ دەبێتە مامۆستا لە قوتابخانەی خوێندنی باڵا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، تا دوا ساتەکانی ژیانی دەمێنێتەوە، سەرباری ئەوەش لە ١٩٨١ وە وەک پرۆفیسۆر لە کۆلێژی (دوفرانس) وانەدەڵێتەوە. نوسین و کارەکانی بۆردیۆ کە بە (٣٧) بەرهەم هەژماردەکرێت خۆی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و فەلسەفەدا دەبینێتەوە، بەڵام بە گشتی کارە فەلسەفی و کۆمەڵناسییەکانی ڕەنگدانەوەی زۆریان بەسەر کایەکانی نوسین و بیرکردنەوەکانیدا هەبوە، بۆیە دەتوانین بڵێین بۆردیۆ یەکێکە لە دەروشاوەترین و کاریگەرترین بیرمەندەکانی زانستی کۆمەڵناسییە (سیوەیلی،٢٠١٠: ١٩).

### ١- بەرهەمهێنانەوە:

چەمکی دوبارە بەرهەمهێنانەوە لە دیارترین ئەو چەمکانەیە کە فکری بۆردیۆی گەیاندۆتە ئاستێکی باڵا بەتایبەت لەپەیوەست بە کۆمەڵناسی پەروردە، چەمکەکانی هاپیتۆس، سەرمایەی ڕەمزی، توندوتیژی ڕەمزی، هتد لەچوارچێوەی چەمکی بەرهەمهێنانەوەدا گەڵاڵەدەبن، ئەگەر وەکو ڕوکاری چەمکی سەیری بکەین زیاتر وەکو چەمکێکی ئابوری دەردەکەوێت، وەک ئەوەی لای مارکس بزوێنەری جیاوازی چینایەتییە، بەڵام لەڕوانگەی بۆردیۆوە بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک ڕەهەندی نائابوری و نامادی، کە قوتابخانە نوێنەرایەتی دەکات، چونکە نوێنەرایەتی چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەداری دەکات، بەمانایەکیتر قوتابخانە وەک دەزگایەکی پەروەردەیی ناوەندێکە بۆ بەرهەمهێنانەوەی عەقڵیەتی سەرمایەداری کە لای چینە باڵاکانەوە ئاراستە دەکرێت ڕوەو بەرژەوەندییەکانیان و پاراستنی پێگەکانیان و مانەوەیان (زهیة، ٢٠٢١: ١٠).

### ٢- قوتابخانە وەک دەزگای بەرهەمهێنانەوەی چینایەتی:

لەڕوانگەی بۆردیۆوە قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەردەیی کار بۆ بەرهەمهێنان و دوبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگە دەکات بەڕێگایەکی جیاوازتر لەوەی لە بونیادەکانیتر دەیکەن، بەشێوەیەکی زیرەکانە و شاراوە ئەرکە چینایەتیەکان ئەنجام دەدەن لەڕێگەی کۆمەڵێک ئاماژەی ڕەمزی و مانادار بە ئامانجی دابەشبونی چینایەتی و بونیاتنانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و پێدانی کارەکتەرو ڕۆڵی جێاواز بەتاکەکان، بەمانایەکیتر قوتابخانە بەرهەمی دابەشبونی چینایەتیە لە کۆمەڵگەدا ولەهەمان کاتدا ئامرازێکە بۆ کۆمەڵگە لە بەرهەمهێنانەوەی خۆیدا بەشێوەیەکی چینایەتی، هەروەها بەبڕوای بۆردیۆ و پاسرۆن کاری دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بەسەر دو چیندا لەپێناو پاراستنی دۆخی ئێستا، هەمو کردەیەکی لەم چەشنە بابەتی توندوتیژی ڕەمزییە لەو ساتەوە دەستپێدەکات کە قوتابی پێدەنێتە قوتابخانە، چونکە قوتابخانە یەکسان نییە بەرامبەر قوتابییەکان و لەڕوی کلتور ڕمزیشەوە یەکسان نین بە هۆکاری شارەزایی و لێهاتویی زمانی ئاخاوتن و ڕۆشنبیرییەکەیان کە یارمەتیدەرە بۆ خوێندنیان لە قوتابخانە کە بەرهەمی کلتوری چینی سەرەوەی کۆمەڵگەیە، دواجار ئەم پرۆسەیە بەرهەمهێنانەوەیە لەچوارچێوەی دامەزراوەی قوتابخانەدا کە لەبنەڕەتدا ئەرکی خۆیەتی، کەواتە بەشداری قوتابخانە بەشداریە لە بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و کلتوری (دباب، ٢٠٢١: ١٤٧).

بەبڕوای بۆردیۆ ئەم جۆرە کارکردنە کارکردنی سیستەمی سەرمایەدارییە لە پێناو گەیشتن بە چەند ئامانجێکی بنەڕەتی ئەوانیش:

ا- بەرهەمهێنانی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی ڕۆڵی سەرمایەداری بازارگەری لەخزمەت سیستەمی سەرمایەداری.
ب- بەرهەمهێنانی چینێکی کرێکاری پرۆلیتاری کە توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی سیستەمی سەرمایەداری هەبێت.
پ- تێکەڵکردنی قوتابخانە بە پرۆسەی بەرهەمهێنان و گۆڕینی بۆ دامەزراوەیەکی سەرمایەداری کە لە بنەڕەتەوە بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پیشەسازییەوە (علي، ٢٠١٥: ٧).

## ٣- توندوتیژی ڕەمزی:

یەکێک لە بەرهەمە پڕبایەخەکانی بۆردیۆ پەرتوکی (توندوتیژی ڕەمزیە) مەبەست لەم توندوتیژییە توندوتیژی نافیزیکیی و ناجەستەییە کە لەڕێگەی ئامرازەکانی پەروەردەکردنەوە بەرجەستە دەبێت، واتە پەیوەندی هێزە کە سەرچاوەکەی لە خوێندنگەوە بەدەستدێت، لە کۆمەڵگەدا هەمو سەرچاوەکانی هێز ڕۆژانە و بەبەردەوامی چالاکیەکانی خۆیان لەڕێگەی توندوتیژی ڕەمزییەوە ئەنجامدەدەن ئەم توندوتیژییە لای قوربانییەکان شێوەیەکی نادیاری هەیە، واتە هەستپێکراو نییە، بەڵام کاریگەرییەکانی زیاترن لەهەر جۆرە توندوتیژیەکیتر، بۆیە بۆردیۆ ڕەخنەیەکی بەردەوامی لە سیستەمی پەروەردە گرتوە بەو پێیەی هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەم توندوتیژیەیە و هەوڵی بە ئایدیۆلۆژیاکردنی قوتابخانە دەدات نەک پرسە مەعریفییەکان، هەروەها بونی چەند قوتابخانەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەدا مانای بونی ئاستی چینایەتی جیاوازیشە لە هەمان کاتدا (بوردیو، ١٩٩٤: ١٠).

بۆردیۆ باس لە واقعێک دەکات کە منداڵی چینە باڵاکان خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی بۆماوەیین کە لەناو خێزاندا پەرەپێدراوە لەڕوی زمان و شێوازی بیرکردنەوە و بەرکەوتنی بە کلتورێکی خوێندەوار و بونی کتێبخانە و ئاشنابون بە کەسایەتە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان و خوێندەوارەکان ئەمەش ڕاستەوخۆ بەشدارە لە دروستبونی هابیتۆسێکی بەهێز بەبەراورد منداڵی پیاوێکی جوتیار، کاسب، سەرباز... هتد، لەهەمان کاتدا ئەم دو منداڵە دەخرێنە بەر یەک جۆر لە تاقیکردنەوە کە یەکێکیان پاشخانێکی مەعریفی زۆری هەیە و ئەویتریان دابڕاوە لەم مەعریفەیە بۆیە بۆردیۆ ئەمە بە چرکەساتی توندوتیژی ڕەمزی وێنادەکات لەکاتێکدا ئەم جۆرە توندوتیژیە قبوڵکراو و شەرعیەت پێدراوە لە کۆمەڵگەدا (عوسمان، ئومێد، ٢٠١٧: ٢٠).

## تەوەرەی دوهەم: خستنەڕوی تایبەتمەندییەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان

## یەکەم: گەشەکردنی قوتابخانە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان

سەرچاوەی قوتابخانە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ecole ی یۆنانی، کە بەواتەی ماوەی کات بەسەربردن دێت و کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان لە شوێنێک کۆبونەتەوە، دواتر ئەم شێوازە گۆڕا و پەرەیسەند بوە ئاماژە بۆ ئەو ڕاهێنان و چالاکیانەی بە کۆمەڵ ئەنجامدەدران، کە ئێستا ئاماژەیە بۆ ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەی، کە ئەرکی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هزری، ئاکاری، دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر بەپێی پێویستییەکانی کۆمەڵگا هەروەها بەگەڕانەوە بۆ میراتی کلتوری و فەلسەفی دەردەکەوێت قوتابخانە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی پەروەردەییە بۆ هەمو کۆمەڵگایەک، بەڵگە و شیکارە مێژوییەکان دەڵێن، کە یەکەمین قوتابخانەکان لەگەڵ بونی شارستانییە کۆنەکان سەریانهەڵداوە وەکو شارستانی چینی، هیندی، میسری و بابلی تایبەت بوە بە فەرمانڕەوا و کاربەدەستەکان بۆیە بەشێک لە شارەزایان پێیانوایە یەکەمین جۆری خوێندنگاکان قوتابخانەی تایبەت بون واتە تەنها بۆ چینێکی دیاریکراو و بچوک

بوە، وەکو (مەمفیس، هێلیۆپۆلیس، سـایس، ئەسـکەندەرییە) ئەم جۆرە لە یۆنانی کۆن لەنمونەی ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون، کە وانە فەلسـەفییەکانی تێدا دەگوتەوە و قوتابخانەی ئەسـکەندەرییە، کە زانا عەرەبەکان وانەیان متێدادەگوتەوە و هەندێک لەمانە لە شوێنی تایبەتی وەکو دوکان، خانو و کۆشکەکان مامۆستایەتیان دەکرد (علیلوش، ٢٠٠٥).

لە هەرێمی کوردسـتان مێژوی قوتابخانە ناحکومییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە سـیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییانەی دوای جەنگی عێراق و ئەمریکا کە، تیایدا ڕژێمی پێشـوی بەعس لەناوچو، ئەم گۆڕانکارییانە بوە هۆی گەشـەیەکی زۆر خێرا لە گشـت بوارەکاندا. یەکێک لەو کەرتانەی گۆڕانێکی جۆری تیایدا ڕویدا کەرتی پەروەردە بو، هەم لەڕوی گۆڕانکاری لە سـیسـتەمی خوێندندا، هەمیش لە فراوانبونی ژمارەی خوێندکار، مامۆسـتا و قوتابخانە، بۆیە شـانبەشـانی خوێندنی حکومی مۆدێلێکیتری خوێندن لە کۆمەڵگای کوردی سـەریهەڵدا، ئەویش خوێندنی ناحکومییە، خوێندنی ناحکومی دیاردەیەکی تەواو نامۆ و تازەیە بە کۆمەڵگای کوردی، سـەرەتای دابەشکردنی سیستەمی خوێندنە بۆ سەر دو دونیای جیاواز، بۆ ئەوەی قوتابیەک لەم قوتابخانانە بخوێنێت، پێویستە ساڵانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدات، بڕی ئەم پارەیەش لە قوتابخانەیەکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە، بۆ نمونە کرێی خوێندن لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان زیاترە لە قوتابخانە ناوخۆییە ناحکومییەکانیتر، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەلی بەشـداریکردن لەم خوێندنگایانەدا یەکسان نەبێت بۆ گشت چینوتوێژەکان، بەڵکو بەگشتی ئەو چینوتوێژانەن، کە توانای داراییان گونجاوە و دەتوانن ئەو بڕە پارەیە بدەن.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین قوتابخانە ناحکومییەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو لە پەرەسەندن و گەشەکردندان، ژمارەیان ساڵ بۆ ساڵ زیاددەکات، کەم شار و شارۆچکە هەیە ئەم قوتابخانانەی لێنەبێت، بە بشتبەستن بەم ڕاپۆرتەی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستی گەشەی کەرتی پەروەردە و لەناویشیاندا قوتابخانە ناحکومییەکان دەخرێنەڕو:

ئاماری ساڵی ٢٠٢٢ بۆ ژمارەی قوتابخانە، مامۆستا، قوتابیی بەم شێوەیە لە هەرێمی کوردستان خستۆتەڕو، (٦٧٥٨) قوتابخانە، (٦٢٦٦) قوتابخانەی حکومی و (٤٩٢) قوتابخانەی ناحکومین و ڕێژەی قوتابی (١٦٦٤١٢٢) قوتابیی حکومین، (١٣٦١١٠) قوتابیی ناحکومین، کە بەسـەر قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا دابەشـبون، هەروەها لەڕوی ژمارەی مامۆسـتاوە (١٥٠٨١٦) مامۆسـتا هەیە لەوانە (١٤١٢٨٨) مامۆسـتا لە قوتابخانە حکومییەکانن، و(٩٥٢٨) مامۆسـتاش لە قوتابخانە ناحکومییەکانن، لەناو ئەمانەشـدا (١١٨٩٦٧) مامۆسـتا هەمیشـەیین و(٣٠٣٨٤) مامۆسـتا وانەبێژن و (٢٥٢) مامۆسـتایان گرێبەسـتی ناحکومین و (١١٦٩) مامۆسـتا خۆبەخش و هاوکارن. کە ئەمانەش بەپێی قۆناغەکانی خوێندن دابەشـبون. ئەوەی لێرەدا جێی ئاماژەبۆکردنە ئەوەیە یەکەم لە ڕێگەی قوتابخانە ناحکومییەکانەوە هەلی باش ڕەخسـاوە بۆ ئەو دەرچوانەی، کە هەلی دامەزراندنیان لە کەرتی حکومیدا بۆ نەڕەخسـاوە ئەمە لە ڕوانگەی ئەمـانەوە هەلێکی بـاشــە و دەتوانن خزمەت بە کۆمەڵگا بکەن، هەروەهـا لەلایەکیترەوە هەلی داوە بە دامەزرانـدنی چەندەها فەرمانبەریتر کە لەدەرەوەی پیشـەی مامۆسـتایین و لە هەمان دامەزراوەدا هەلی کاریان بۆ ڕەخسـاوە، کە دەکرێت بڵێین تاڕادەیەک بارگرانی لەسـەر حکومەت کەمکردوتەوە، دوهەم خوێندنی ژمارەیەکی زۆر و بەرچاوی قوتابی لەم دامەزراوە ناحکومیانەدا، کە لە دو ڕوەوە گرنگە ئەویش مافی ئازادانەی خێزانەکان لە هەڵبژاردنی ئەو ناوەندەی، کە دەیانەوێت منداڵەکانیان تێیدا بخوێنن، لەلایەکیترەوە ئەو فشار و بارگرانییەی کە لەسـەر قوتابخانە حکومییەکان هەیە لەڕوی ژمارەی قوتابیەوە تاڕادەیەک کەم دەبێتەوە بەم پێیەش کەرتی گشتی گەر بیەوێت دەتوانێت خزمەتی زیاتری بەم

بواره بكات، چونكه كەمی بینا و زۆری ژمارەی قوتابی وایكردوه بەشی هەره زۆری قوتابخانه حكومییەكان زیاد له دەوامێكی تێدا بخوێنرێت، جگەلەوەش ڕێژەی زۆری ئامادەبونی قوتابی له پۆلدا ڕاستەوخۆ كاریگەری بەسەر چوستی مامۆستا دەبێت له گەیاندنی زانستەكەی و لەسەر ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی قوتابییش بەهەمان شێوه، بۆیه دەبینین ئاستی قوتابیانی قوتابخانه ناحكومییەكان بەرزه.

## دووەهەم: تایبەتمەندی، پاڵنەر، كێشه و ڕەوشی قوتابخانه ناحكومییەكان ١- تایبەتمەندی قوتابخانه ناحكومییەكان:

**ا- ڕێژەی قوتابی:** یەكێك له گرفته سەرەكییەكانی قوتابخانه حكومییەكان زۆری ژمارەی قوتابییه له قوتابخانه و لەناو پۆلدا، بەڵام یەكێك له باشییەكانی قوتابخانه ناحكومییەكان كەمی ڕێژەی قوتابییه لەناو پۆلدا، له گۆڕەپانی دەرەوه له باخچەی قوتابخانەدا، له هۆڵی چالاكیەكاندا هتد، كه ڕاستەوخۆ كاریگەری هەیه بەسەر پرۆسەی فێربون و توانای وەرگرتنی زانیاری و ئاستی گەیشتنی پەیامی مامۆستا بۆ قوتابییەكانی، لەلایەكیترەوه وادەكات قوتابییەكان لەیەكتری نزیكبن و بەشێوەیەكی ئاسان پەیوەندی دروستبكەن و بەشێوەی گروپ كاربكەن.

**ب- بڕوانامه و پسپۆڕی مامۆستاكان:** هەڵبژاردنی مامۆستا لەقوتابخانه ناحكومییەكاندا بەشێوەیەكی ڕون و دیار ئەو مامۆستایانه هەڵدەبژێرن، كه خاوەنی بڕوانامەی بەرزن و هەڵگری بڕوانامەی پسپۆڕی پێشكەوتون هەروەها خولی گەشەپێدان بۆ مامۆستاكان دەكەنەوه تاوەكو شایستەی وانەوتنەوه بن لەم دامەزراوەیه، بەمانایەكیتر كام مامۆستا باشترین و بەناوبانگترینه هەوڵی هێنانی دەدەن.

**پ- بینای قوتابخانه:** به هۆی ئەوەی بونی قوتابخانەی ناحكومی بابەتێكی تازه و نوێیه و دیدێكی ئابوریانەشی لەپشتەوەیه بۆیه خاوەن و وەبەرهێنەرانی ئەم بواره هەوڵی جددی دەدەن تاوەكو ببنه جێی سەرنجی كۆمەڵگه بۆیه یەكێك له سیما دیارەكانیان بریتیه له بونی بینایەكی جوان و ڕێكوپێك و مۆدێرن، كه تایبەتمەنییەكانی خوێندنێكی شایسته بۆ قوتابیان فەراهەم دەكات، واته لەڕوی بینا و ژینگەی گشتی ناو بیناكه هەلی فەراهەمبونی ژینگەیەكی گونجاو بۆ فێربون هەیه، كه له ڕوانگەی ئاڕاستەبونی خێزانەكان بۆ قوتابخانەی ناحكومی گرنگیەكی زۆری هەیه. كه هەمو ئەو تایبەتمەندییانه لەلایەن ئەو خێزانانه پشتڕاست كراوەتەوه كه منداڵەكانیان لەو دامەزراوانه دەخوێنن (غنام، ٢٠٢٠: ٢).

## ٢- پاڵنەرەكانی گەشەكردنی قوتابخانه ناحكومییەكان:

ا- هۆكاره كۆمەڵایەتییەكان: بەو پێیەی ئەم قوتابخانه ناحكومییانه لەسەر بنەمای قازانج دامەزراون بۆیه خزمەتگوزارییەكانیان به بەراورد به قوتابخانه حكومییەكان زیاتره ئەمەش وا له خێزانەكان دەكات باشترین ناوەندی خویندن بۆ منداڵەكانیان فەراهەمبكەن، چونكه ڕێگەیەكه بۆ ئەوەی منداڵەكانیان داهاتویەكی باشتر و مسۆگەرتر، پێگەو ڕۆڵێكی كۆمەڵایەتی بەرزتر له كۆمەڵگەدا بەدەستبهێنن، كەواته كێبڕكێی ڕۆڵ و پێگه كۆمەڵایەتییەكان بۆ ئایندەیەكی باشتر بنەمایەكی گرنگی گەشەكردنی قوتابخانه ناحكومییەكانه له كۆمەڵگەدا.

ب- هۆكاری ئابوری: ڕەهەنده ئابورییەكان یەكێكه له سەرەكیترین و گرنگترین ئەو هۆكارانەی، كه بەشداری دەكەن له زۆربونی قوتابخانه ناحكومییەكان، ئەمەش لەڕێگەی پێدانی مۆڵەت به خاوەن سەرمایەكان تاوەكو وەبەرهێنان له كەرتی پەروەردەدا بكەن، واته به تایبەتكردنی قوتابخانه بۆ ئەو كەسانەی نایانەوێت منداڵەكانیان له قوتابخانەی

حکومی بخوێنن، لەبەرامبەردا بۆ هەر ســاڵێکی خوێندن بڕێک لە پارە دەدەن بە خاوەن قوتابخانەکان (خوشي،٢٠٢٠: ٩).

پ- هۆکارە سیاسییەکان: بە بازارکردنی سیستەمی خوێندن تەنها یارییەکی ئابوری ناو سیستەمی سەرمایەداری نییە، تانها بەدەســتهێنانی قازانجی مادی نییە، بەڵکو بەشــێکی ســەرەکی پەیوەندی بە میکانیزمەکانی کارکردنی هێزی باڵادەســت و گروپە ســیاســییەکانی ناو کۆمەڵگەیە، کە لەڕێگەی قوتابخانەوە پرۆســەی بەرهەمهێنانەوەی پێگە ســیاسی و کۆمەڵایەتیەکان درێژە پێدەدەن، بۆردیۆ زیاد لە توێژینەوەیەک باس لە قوتابخانە دەکات وەک نوێنەری چینە سیاسی و باڵاکانی کۆمەڵگە، کە لەڕێگەیەوە بەردەوامی دەدەن بەو هەژمونە باڵادەستەی، کە هەیانە هەژمونێک، کە ڕەنگدانەوەی کلتوری ئەو هێزانەیە لەناو سیستەمی خوێندندا کاردەکەن (قانع، ٢٠١٨: ٢٨٤).

## ٣- گرنگترین کێشەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان:

**ا- نرخ وتێچونی خوێنـدن:** قوتـابخـانە نـاحکومییەکان نرخەکانیـان زۆر بەرزە، یەکێـک لەو گرفتـانەی ڕوبەڕوی خێزانەکان دەبێتەوە بەرزی نرخی خوێندنە و هەندێکیان بەئەندازەی کرێی خوێندن لە زانکۆکان نرخیان بەرزە.

**ب- قوڵکردنەوەی نایەکســانی و جیاوازی چینایەتی:** قوتابخانە ناحکومییەکان لەناو خۆیاندا بە یەکێک لەو دامەزراوانە دادەنرێت، کە جیاوازی چینایەتی کەمتر تێدا دەردەکەوێت، چونکە ئەوانەی لەم ناوەندەدان سەر بەهامان چینی کۆمەڵایەتین یاخود لەیەکەوە نزیکن، بەڵام پەیوەندییان بە هاو ئاستەکانی خۆیان لە قوتابخانە حکومییەکان زۆر کەمە، هەســتێکی باڵاو جیاوازیش بۆ قوتابیانی قوتابخانە ناحکومییەکان لە ئارادایە، کە خۆی پێ لەپێشــتر بێت بەهۆی ئەوەی لە ناوەندێکی جیاوازتردا دەخوێنێت.

**پ- بنەمای قازانج:** قوتابخانە ناحکومییەکان دامەزراوەیەکن زیاتر لەســەر بنەمای قازانج ئابوری دامەزراون، وەک لە پرۆســەی پەروەردە لەبەرئەوەی پرۆســەی پەروەردە و فێرکردنیش هەســتیارترین جومگەی کۆمەڵگەیە بۆیە دەبێت زۆر بەوردی و شـارەزاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دور بێت لە تەنها ویست و ئارەزوی ئابوری، چونکە بەشێك لە قوتابخانە ناحکومییەکان لەلایەن کەســانێکەوە بەڕێوەدەبرێن و خاوەندارێتی دەکرێن ســەروکارێکیان ئەوتۆیان لەگەڵ فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردندا نییە. (غنام، ٢٠٢٠: ٧).

**ت- زمـانی خوێنـدن:** یەکێک لەو جیاوازیانەی کە قوتـابخـانەی نـاحکومی پێدەنـاسرێتەوە زمـانی خوێنـدنە یاخود گرنگیدانە بەزمانە بیانییەکان، زمان وەک یەکێک لە ڕیکلامەکانی ئەم دامەزراوانەیە، سەرنجی سەرەکی لەسەر فێربونی زمانی بیانیە بەتایبەت زمانی ئینگلیزی بەجۆرێک قوتابیان ئاراســتەدەکەن، کە زمانی دایک فەرامۆش دەکات، دابڕانێی جۆری دروســتدەکات لەپەیوەندیدا بە کلتوری گشــتی کۆمەڵگە (عمر، بەڕێوەبەری پلاندانانی پەروەردەی ڕاپەڕین، دیمانە).

## ٤- ڕەوشی قوتابخانە ناحکومییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا:

هیگل یەکیک لەو فەیلەســوفانەیە، کە پێیوایە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و یەکســانخواز بونیادبنرێت پێویســتە خوێندن خۆڕایی و گشـتگیر بێت بۆ گشـت چینەکانی کۆمەڵگە، یەکێک لە بونیاد و ڕەمزە دیار و گرنگەکانی حکومڕانی و کۆمەڵگەی کوردی لە ڕابردودا بریتیبوە لە کەرتی خوێندن، کە ئامراز و هۆکاری ســەرەکی بو لە ڕەخســاندنی دەرفەتی یەکسان بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی، واتە دەرفەتی خوێندن بۆ هەمو چینەکانی کۆمەڵگە وەکویەک وابو کوڕی هەژارک و دەوڵەمەندێک، جوتیار و ئاغایەک، هاووڵاتییەکی ئاســایی و بەرپرســێکی باڵا لە یەک قوتابخانە و

لەیەک پۆلدا دەیانخوێند، یەک مامۆستا وانەی پێدەگوتن، واتە یەک میکانیزم و زمانی هاوبەشی خوێندن پەیڕەودەکرا، هەربۆیە دەبینین لەم مێژوەدا خوێندن یەکێکە لەئامرازە هەرە گرنگەکانی شـــوێنگۆڕکێی چینایەتی، بە مانای بازدانی پێگەی کۆمەڵایەتی لەخوارەوە بۆ ســەرەوە لەســەر بنەمای بڕوانامە و ئاســتی خوێندەواری، ئەوەی پەیوەســتە بەدۆخی ئێســـتای کۆمەڵگەی کوردی دەســـپێک و ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی جیاوازی و پلەبەندیی کۆمەڵایەتییە، دەســـپێکی قوڵکردنەوەی دۆخی چینایەتی و نادادی کۆمەڵایەتییە، هەڵاوێرکردنی مافی قوتابیانی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە، لەبەرامبەردا فەراهەمبونی خوێندنی تایبەتە بۆ چینە دەوڵەمەند و خاوەن پێگە بەرزە کۆمەڵایەتییەکان، خاوەن سەرمایە و پێگە ســیاســییەکان، لێرەدا بۆردیۆ گوتەنی قوتابخانە وەک دەزگایەکی پەروەردەیی کار دەکات بۆ قوڵبونەوەی جیاوازی چینایەتی، کاردەکات بۆ پاراستنی کلتوری باڵادەست و خاوەن هەژمون، بۆیە لەڕوانگەی دۆخی چینایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی قوتابخانە ناحکومییەکان هۆکارن بۆ قوڵکردنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوددیدا هەروەها خەریکی بەبازاڕکردنی یەکێک لە گرنگترین کایەکانی کۆمەڵگەن خەریکی ڕاکێشانی سیستەمی پەروەردەن بۆ ناو کایەی سیستەمی سەرمایەداری، کە ئایدیۆلۆجیای قازانج بنەمای سەرەکی کارکردن و دونیابینیانە ( قانع، ٢٠١٨: ٢٧٤).

## کاریگەرییە نەرێنییەکانی قوتابخانە ناحکومییەکان لەسەر مامۆستا و کارمەندەکان

١- هەستکردن بە نایەکسانی و نامۆبون لەڕوانگەی ئەو بڕە موچەیەی لەبەرامبەر کارەکەی پێیدەدرێت، واتە پاداشتی ئەو هەوڵ و ماندوبونە وەرناگرێت، کە دەیبەخشێت بە کارەکەی وەک مارکس دەڵێت هەستکردنە بە دۆخی نامۆبون، چونکە زیادە بەرهەمی کارکردنی مامۆســتا و کارمەند دەچێتە ســەر حیســابی خاوەن کار، کە بڕی قازانجەکەی چەند بەرامبەرە، لەلایەکیترەوە جیاوازی کردن لەنێوان مامۆستایان لەپێدانی شایستە داراییەکان وادەکات هەستی نایەکسانی و نادادی لای مامۆســتاکان دروســتبێت و کاریگەریی بکاتە ســەر لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی، پاشــان ئەگەری ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی و خراپ بەسەر ئاستی زانستی و پەروەردەی قوتابییەکان.

٢-بونی جیاکاریی و جیاوازی چینایەتی لەنێوان مامۆســتایان لەڕوانگەی بڕی موچە، پســپۆڕی، ناوبانگ و باری کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە هۆی ســەرهەڵدانی جیاکاریی چینایەتی بەشــێوەی ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ، هەروەها ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی بەسەر ناوبانگی مامۆستا و دامەزراوەکەوە دەبێت.

٣-نەبونی دڵنیایی کارکردن بەهۆی پابەندنەبون بەو گرێبەســتەی لەنێوان دامەزراوەکە و کارمەندەکاندا هەیە، چونکە ئەگەری نوێنەکردنەوەی بۆ ســاڵێکیتر لەئارادایە، هەرکاتێک دامەزراوەکە بیەوێت کۆتایی بە گرێبەســتی نێوانیان دەهێنێت، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی بەســەر لایەنی دەرونی، ئابوری و کۆمەڵایەتی کارمەندەکانەوە دروســتدەکات بەتایبەت مامۆستا.

٤-بونی جیاکاریی لەدو ئاستدا یەکەمیان لەئاســتی پســپۆڕی و ناوبانگ، کە جەختکردنەوەی خوێندنگا ناحکومییەکان بەلای ئەو مامۆســتایانەوە، کە جۆرێک لەناوبانگیان پەیداکردوە و خاوەن پێگەیەکی دیاریکراون، دوهەمیان لەســەر ئاستی ڕەگەزی و هەندێکجار جوانی و ڕێکپۆشی بڕیاردەدات نەوەکو کارامەیی و لایەنی زانستی (کاظم، ٢٠٢١: ٢٧).

## ئەنجامەکانی توێژینەوە

توێژەر دوای خســتنەڕوی تیۆرە کۆمەڵناســییەکانی پەیوەســت بە بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری پلەبەندیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی قوتابخانە ناحکومییەکان گەیشتە ئەم دەرەنجامە تیۆریانە:

١- قوتابخانەکان ناحکومییەکان ڕۆڵیان هەیە لە جیاکاریی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیدا، چونکە دەرفەتی بەشــداریکردنێکی یەکســـان و فێربونێکی هاوبەش نییە بۆ قوتابیانی چینە جیاوازەکان، هەمو ئەوانەی هەلی ســـەرکەوتنێکی زیاتریان بۆ

دەرەخســێت قوتابیانی چینە باڵاکانن نەوەکو چینە کەم دەرامەت و هەژارەکان، لەبەر ئەوەی خێزانەکانیان توانای دابینکردنی ئەو برە پارەیان نییە، هەروەها ئەم جیاوازیانە جارێکیتر لە قۆناغەکانیتردا و لە ناو کۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لە دەستەبەرکردنی پێگە و رۆڵێکی شایستە.

٢- قوتابخانە ناحکومییەکان بەردەوام لە گەشـــەکردن و زۆربوندان، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک ڕەهەندی جۆراوجۆر وەکو هۆکاری کۆمەڵایەتی، ئابوری، ســـیاسی و کۆمەڵێک ڕەهەندیتری پەیوەســـت بە بونیادی ئەم دامەزراوانە، وەکو ڕێژەی کەمی قوتابی لە پۆلدا، بینای مۆدێرن، مامۆستا، ستافی کارگێری بەتوانا و ئاستی زانستی، هەمو ئەمانە پاڵنەرن بۆ ئەوەی خێزانەکان قوتابیەکانیان بنێرن بۆ ئەم قوتابخانانە.

٣- قوتابخانە ناحکومییەکان چەندین کێشـــە و گرفتیان هەیە، لەوانە گرنگیدانی زیاتر بە زمانی بیانی وەک لە زمانی کوردی، بەرزی نرخی خوێندن لە هەندێک قوتابخانە، هەروەها خاوەندارێتیکردنی هەندێک لە قوتابخانە ناحکومییەکان لەلایەن کەســـانێکەوەیە، کە پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆ و گرێدراویان بە کەرتی پەروەردەوە نییە، بەڵکو دونیابینی و سەرنجی ئەوان زیاتر بەلای کۆکردنەوەی دەستکەوتی مادیی زیاترە.

٤- قوتابخانە ناحکومییەکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەرەتایەکن بۆ قوڵکردنەوەی دۆخی چینایەتی، نەهێشتنی دەرفەت و هەلی یەکســان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، گەشــە پێدانی نادادی کۆمەڵایەتی، هەروەها هۆکارێکن بۆ بە بازاڕکردنی سیستەمی پەروەردە.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســـتی دەربارەی ڕۆڵی قوتابخانە ناحکومییەکان لەســـەر کۆمەڵگا، بەتایبەت بەشی کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، دەروونناسی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردســـتان جەخت بخەنە ســـەر ئەم لایەنە، چونکە قوتابخانە ناحکومییەکان دیاردەی تازەن لە کۆمەڵگای کوردی، بۆیە گرنگە توێژینەوەی زیاتر لەم بارەیەوە ئەنجام بدات.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان قوتابخانە ناحکومییەکان و قوتابخانە حکومییەکان، بە مەبەســتی زانینی کاریگەریی هەر یەکێکیان بەسەر کایەی پەروەردەوە، و ئاستی ڕەنگدانەوەیان لەسەر پرۆسەی خوێندن، و دەرخستنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان، لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانیان.
3. هاندانی خوێندکارانی بەشی کۆمەڵناسی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەســـەر ســـیســـتەمی خوێندن، بەئاراســـتەی گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی ئاستی مەعریفی و ئایندەیەکی باشتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.
4. ئاســـانکاری ماددی قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ ئەو خێزانانەی منداڵەکانیان دەنێرنە ئەوێ، وەکو کەمکردنەوەی کرێی خوێندن، ئاسانکاری لە شێوازی پارەداندا، چونکە سەرچاوەی سەرەکی زۆربەی خێزانەکان موچەیە، ئەویش بەهۆی دواکەوتنییەوە توشی گرفتی زۆری کردونەتەوە.

## پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

1. گرنگیدانی زیاتری حکومەت بە پرۆسـەی پەروەردە و فێرکردن بە تایبەت لە کەرتی گشـتیدا، ئەویش لەڕێی پلانی ستراتیژی و بونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی سەردەم کە لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکاندا هەماهەنگ بێت.
2. پێویســـتە لایەنی پەیوەندییدار لە وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان چاودێری وردی قوتابخانە ناحکومییەکان بکات، لە پەیوەندییدا بە پرۆســـەی خوێندن و ئەو ســـەرپێچیە یاســـاییانەی کە هەندێک لە قوتابخانەکان ئەنجامی دەدەن، و چاو پۆشـــیان لێ نەکرێت، چونکە پرسی پەروەردە پرســـێکی زۆر هەســـتیارە،

هەروەها هەمو قوتابخانەکان بێ جیاوازی وەکو یەک ســـەیر بکرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، نەوەکو هەڵاوێردن بکرێت لە نێوانیاندا.

3. گرنگیدان و وابەســتەکردنی قوتابخانە ناحکومییەکان لەلایەن حکومەتەوە بۆ گرنگیدانی زیاتر بە زمانی کوردی، و زمانی ســـەرەکی و فەرمی هەمو قوتابخانەکان بێت، چونکە لە ئەگەری پەراوێزی زمانی کوردی کۆمەڵگا بەرەو چەندین ئاڵەنگاری نەرێنیتر دەبێتەوە.
4. کارکردنی قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاکارییە کۆمەڵایەتییەی، کە لەنێوان خوێندکارانی قوتابخانە ناحکومییەکان و قوتابخانە حکومییەکان دروســت بوە، لە ڕێگەی ئاراســتە کردنی خوێندکارەکانیان بۆ هەستی یەکسانی و هاوبەشی، لە پێناو یەکانگیری و هاوبەندی کۆمەڵایەتیدا.

## سەرچاوەکان


احمد، کاظم محمد زاهد، (٢٠٢١)، دابەشکردنی کار قوتابخانە ناحکومییەکان بەنمونە، توێژینەوە بڵاونەکراوە.

الحسن، احسان محمد، (١٩٩٩)، موسواعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات، بيروت.

السبعاوي، هناء جاسم، (٢٠١٨)، دور المدارس الاهلية في تنمية العملية التعليمية لطلبتها، مجلة دراسات موصلية، العدد ٤٧.

بورديو، بيير، (٢٠٠٧)، الرمز والسلطة، ت: عبدالسلام بنعبدالعالي، دارالبيضاء للنشر، ط الثالثة، المغرب.

بورديو، بيير، (١٩٩٤)، العنف الرمزي، ت: نظير جاهل، بيروت، المركز الثقافي العربي، ط.الاولى.

بورديو، بيار و باسرون، جان كلود، (٢٠٠٧)، اعادة الانتاج، ت: ماهر تريمش، دار.مركز دراسات الوحدة العربية، ط. الاولى، بيروت.

خضر، شیلان یاسین، (٢٠١٤)، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان لە دروستکردنی ئاراستە سیاسییەکان، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن، هەولێر.

خوشي، سعاد، (٢٠٢٠)، مدى فعاليه المدارس الخاصة، جامعة شلف، قسم علم الاجتماع، الجزائر.

دباب، زهية، (٢٠٢١)، قضايا ومفاهيم سوسيولوجيا التربية في فكر بيير بوردو، مجلة دفاتر المخبر، مجلد ١٦، العدد ١، جزائر.

سیوەیلی، ڕێبوار، (٢٠١٠) پییەربۆردۆ و کۆمەڵناسی فەلسەفی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

عبد الباري، إسماعيل، (١٩٨٠)، أسس علم الاجتماع، القاهرة: دار المعارف.

عوسمان، ئومێد (٢٠١٧) پییەر بۆردیۆ و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، لەچوارچێوەی کتێبی پییەر بۆردیۆ، و: کۆمەڵێک وەرگێڕ، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.

غنام، غنام، (٢٠٢٠)، المدارس الخاصة بين المزايا والعيوب، سلسلة ابحاث تربوية، ثقافية، اجتماعية، السياسية، المجلة اشراقات، رام الله.

قانع، مەریوان وریا، (٢٠١٨)، کۆمەڵگا و غەریبەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

مالكي، حنان، (٢٠١٦)، المدرسة والحراك الاجتماعي، جامعة محمد خيضر بسكيرة.

وطفة، علي أسعد، (٢٠١٥)، الأداء الأيديولوجي للمدرسة في منظور بيير بورديو، مجلة نقد وتنوير، اصدار خاص، كويت.